# زانیاریی زمانیی و پێڕەوی نیشانەکردن لە زمانی کوردییدا

د. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف / زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان/ بەشی کوردیی

## پێشەکیی

ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ئەو زانیارییە واتاییانەی لای ئاخێوەری زمانی کوردیی هەن. مەبەست لێی ئەو زانیارییە واتاییانەن، کە تایبەتن بە ناوەخنیی واتایی کەرەستە فەهەنگییەکان (مۆرفێم و وشە). بۆ پرۆسەی بەدەست هێنانیی فرەنیشانەیی کەرەستە فەرهەنگییەکانیش باس لە پێڕەوی نیشانەکردن/مارکەلێدان کراوە. هەروەها بۆ دەرخستنی ئەو فۆرمانەی بەپێی نیشانەی واتایی کەرەستەکان داڕێژراون تیۆری نیشانەی واتایی و سیمانتیکی پێکهێنان( Componential Semantic) خراونەتە ڕوو. ئەو تیۆرییانە پەیوەست بە داڕشتنی فۆرمیی واتایی بیچمی نوێ بۆ توێژینەوەکە پێویست بوون. پاشان وەك تەواوکەری پێڕەوی مارکەلێدانی فەرهەنگیی/ واتایی، لە سینتاکسدا، واتا بۆ نیشانەکردنی سینتاکسیی بۆ گواستنەوەی زانیاریی تیۆری بەستنەوە (Binding Theory) بەکارهێنراوە. توێژینەوەکە جگەلەوەی زمانی ئاخاوتنی نێوان گوێگرو قسەکەری تاقیکردووەتەوە، بۆ نیشاندانی مارکەلێدانی سینتاکسیی هەمان کردەشی بۆ زمانی نووسین و شیعر ئەنجامداوە.

### ١/١ ) زانیاریی زمانیی

ئاخێوەری گشت زمانێك، دروستەی دروست و واتاڕاست و پێچەوانەکەی دەناسێتەوە، ئەوەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، زانیارییە سینتاکسیی و واتاییەکان لە فەرهەنگدا[١] تۆمارکراون[٢]. زانیارییە فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییەکان لای ئاخێوەری گشت زمانێکە، کە لە کاتی زمانپژانی بە زمانی دایکی لە زمانی دایکییەوە وەرییدەگرێت. ئەگەرچی خاڵی هاوبەشی هەموو تاکێکی قسەکەری زمانی کوردیی لە زمانەکەیایەتی و هەمووان لە ڕێسای بەکارهێنانی زمانی کوردییدا هاوبەشیین. بەڵام خودی چۆمسکییش پێشنیازی ئەوە دەکات، کە ڕێزمانی زمانێك یان تواناو جێبەجێکردنی ڕێزمانی زمانێك لە کەسیی نموونەییەوە، وەربگیرێت و هەڵبهێنجرێت. واتە توانای بەکارهێنانی توانست، لە کەسیی نموونەیی یەك زمانەوە بەدەستبهێنرێت. دەکرێت بگوترێت یاساو ڕێساکان لە سەلیقەی زمانیی تاکێکەوە بەرجەستە بکرێت. بەمەرجێك ئەو پرۆسەیە ئەوە نەگەیەنێت، کە سەلیقە بەکارببرێت، بەڵکو ئەوە تەنها پشتبەستنە بە سەلیقەی ئاخێوەرێك بۆ دۆزینەوەی یاساو ڕێساکانی زمانێك.

---

١) مەبەست لێی فەرهەنگی ئاوەزییە، کە وشەنامەکەی ناومێشکە و سەرچاوەی زانینەو تێیدا زانیاریی فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسی، سیمانتیکی و پراگماتیکی و ... هەڵگیراوە. D. Steinderg (1999: 65) و William O'Grady(٢٠٠٥ :١٩١) و محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦: ١٢)

٢) Cook & Newson (1997: 33_39) و Radford (2004 :407_ 408)

زانیارییە فەرهەنگییەکان پەیوەست بە سینتاکس و واتاوە، لە ئاوەزی ئاخێوەرەکاندا بەهۆی توخمە پێکهێنەرەکانی ناو فەرهەنگەوە، هەڵگیراون. ئەو زانیارییانە بۆ ئاخێوەرانی زمانی کوردیی، هەرچەندە هاوبەشن، بەڵام دەکرێت پەیوەست بە فۆرمداڕشتنی سینتاکسیی و واتاییەوە نواندنی جیایان هەبێت. بۆ نموونە لە سینتاکسدا زمانی کوردیی بۆ ڕێسای سەرکۆتایی جێبەجێدەکات. ئەوەش بۆ ئاخێوەری زمانەکە زانیارییەکی سینتاکسییەو لە هەموو دروستە سینتاکسییەکاندا (فرێزو ڕستەدا) پێڕەوی دەکات. هەمان زانیاریش لە فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکاندا دووبارە دەبنەوە بڕوانە: <پیاوکوژ، مێشکوژ, بەفرماڵ,...>. لەو نموونانەدا پەیکاڵ لەگەڵ ئەوەی کردار لە ڕستەی کوردییدا لە کۆتاییدایە، بۆیە هەمان ڕێسا تێیاندا دووبارە بووەتەوە. سەرباری ئەوەش زانیارییە سینتاکسییەکان، دەرهەق بە دروستە سینتاکسییەکان، بۆ بنیاتنانی لێکسێمەکان، پێڕەوێکن بۆ دروستبوون و پێشبینیکردنی بوون_بەلێکسێمی دروستە سینتاکسییەکان. بۆ نموونە لەبەرئەوەی دروستە سینتاکسییەکان ئاستی نواندنی ($X^-$)یان هەیە، بۆیە گشت دروستە بەلێکسێمبووەکانیش بەو ئاستی نواندنەوە دەردەکەونەوە. ئەوەش دەبێتە زانیارییەکی فەرهەنگیی و ئاخێوەر لە ڕێیەوە دروستەی ئازادو چەسپاوی پێدروست دەکات و پێشبینی بوون_بە لێکسێمەکانی پێدەکات. ($X^-$) ئەو زانیارییە سینتاکسییە، کە ئاخێوەری زمانی کوردیی لە سینتاکسەوە وەریدەگرێت و تێیدا ($X^0$)و (Compliment)ی تێدا هەڵگیراوە، کە دەشێت لە چێوەکەیدا هەمان سەرەوڕیزبوونی سینتاکسیی دەستبکەونەوەو ببنە بەلێکسێمێکی فۆرمنەگۆڕاو. نموونەکانی <دەستبڕ، قۆڵبڕ، گۆرانیبێژ، جگەرەکێش، ....> دروستەی ($V^-$)یان هەیەو بەو پێیەی هەمان سەرەوڕیزبوونی ($V^-$)ە سینتاکسییەکەیان هەیە، فۆڕمنەگۆڕاون. نموونەکانی (سورەگوڵ، شۆخەژن، تەڕەپیاز، سەوزەگیا،...)ش دروستەی ($A^-$)یان هەیەو لەبەر ئەوەی ئاوەڵناوەکانیان، کە سەری ڕێزمانییە، پێڕەوی سەرکۆتایی نەکردووە، فۆڕمگۆڕاون.

**١/١_١ ) زانیاریی واتایی**

زانیاریی واتایی لای ئاخێوەری زمانەکە، ناسینەوەی نیشانە واتاییە بنەڕەتییەکانی دانە فەرهەنگییەکانە. واتای فەرهەنگیی بۆ ئاخێوەری زمانێك بەهۆی نیشانە واتاییەکانەوە، پێشبینییلێکراوە[۳]. هەرچەندە بەپێی تیۆری سیمانتیکی پێکهێنان ( Componential Semantic) بەهۆی سیما جیاکەرەوەکانی وشەوەوە کۆمەڵێك بیچمی ناوەرۆك و واتاوە لەیەکچوو بەرامبەر یەك دەهێنرێنەوە و جیادەکرێنەوە. دەکرێت تیۆرەکە بەوە ڕوونبکرێتەوە نیشانە هاوبەش و جیاوازی وشە یان گروپێك لە وشە، کە نیشانەیەك کۆیانبکاتەوەو نیشانەیەکیش جیایان بکاتەوە. بۆ ئەوەش ئەو فۆرمانە بە نموونە دەهێنرێتەوە، کە بۆ بەرزایی داڕێژراون. بڕوانە: <شاخ، بان، گرد، گردۆڵکە، تەپۆڵکە،...> ، کە نیشانەی بەرزایی کۆیاندەکاتەوەو نیشانەی ئاستی جیاوازی بەرزایی جیایان دەکاتەوە. دەشێت هەمان شت بۆ مۆرفێمەکانی <ستان، گە، جاڕ،زار، دان،...> بخوات، چونکە پێکەوە لە نیشانەی [+شوێن] هاوبەشن، بەڵام لە نیشانە [+ڕووبەری جیاواز] جیادەبنەوە. ئەو فۆرمانەی باسیان لێوەکرا، پەیوەست بە نیشانە جیاوازەکانەوە فۆرمیان بۆ داڕێژراوە. کۆمەڵەی یەکەم فۆرمی مارکەلێدراوی ئاستێکی بەرزیین و کۆمەڵەی دووەمیش هی ڕووبەری جیاوازن، واتە بە فۆرمی جیاواز مارکە لە نیشانە جیاوازەکانیان دراوە. دەشێت تیۆرەکە خۆشی بە نیشانە جیاوازەکانی یەك بیچمەوە خەریکبکات، کە بە شێکە لە ناوەخنی بیچمەکەو زمانەکە هەروا بە

۳ ) Jeffries, L. (2006:134) و محەمەدی مەحویی (۲۰۰۹: ۷۲-۷۳)

گشتێتیی هەیشتوویەتەوەو فۆرمی مارکەلێدراوی بۆ دانەڕشتوون. بۆیە ئەوانە، دەکرێت قسەکەر بۆ گەیاندنی یەکێك لە نیشانەکانی پەیڕەوێکی مارکەلێدان بەکاربێنێت، تا زانیارییەکان بگەیەنێتە گوێگر. یان گوێگر لەڕێی پرسیارکردنەوە لە گشتێتییەوە بگات بە تایبەتێتیی. بۆ نموونە واتای توخمێکی (element) وەك <پیاو> بە نیشانە بنەڕەتییەکانی لە جۆری [+مرۆڤ, +نێر, +هەراش]ەوە بناسێتەوە، بەڵام نیشانە لاوەکییەکانی هەمان توخم، کە لە پلەی دووەمی نیشانەکانی توخمەکەدا خەزنکراون و بوونەتە ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتیی بۆ ئەو توخمە، لای ئاخێوەری زمانەکە، پەیوەست بە دەوروبەری بەکارهێنانییەوەو دەستی پێدادەگات[4]، نیشانەکانی [+جوامێریی، +بەهێزیی، +چاکیی, ....]. دەشتوانرێت بگوترێت، هەر بەهۆی ئەوە نیشانە لاوەکییانەوە، ئەو فۆرمە لە بەکارهێناندا، پەیوەست بە گەشەی مرۆیی کوردەوە،جیاوازیی جێندەریی ناهێڵێت، بڕوانە: (ئەو پیاو بوو لەگەڵم.). لەو ڕستەیەدا جێناوی سەربەخۆی (ئەو) خاوەنی نیشانەی [+نێر و –نێر] یشە، بەو پێیەی، کە دەکرێت، جێناوی (ئەو) لە هەمانکاتدا بگوترێت: (نەسرین پیاو بوو لەگەڵم)یان بگوترێت: (شاخەوان پیاو بوو لەگەڵم).

دەربارەی واتا فەرهەنگییەکەی وشەی <گوڵ>یش ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئەو زانیارییە واتاییەی لای گشت ئاخێوەرێکی زمانەکە هەیە، ئەوەیە، کە [+ڕووەك، +بەروبوومی ڕووەك]ە، بەڵام بەهۆی نیشانە لاوەکییەکانی وەکو [+جوانیی، + بۆنخۆشیی، + پاکیی، ...]ییەوە لە بەکارهێناداو بە پێی دەوروبەر ئاخێوەر دەستی بە یەکێك لەو نیشانە واتاییانە دەگات، بڕوانە نموونەی (١).

١) نەسرین هەمیشە دەڵێی گوڵە.

بە پێی دەوروبەری گوتنەکان و ئەو نیشانەیەی کە قسەکەر مەبەستێتی تیشکی دەخاتەسەر <گوڵ> لە نموونەی (١) بۆ گوێگر ئەو نیشانە لاوەکییە هەڵدەهێنجێت، کە دەیەوێت دەربارەی <نەسرین> لێکیبداتەوە. واتە گوێگری ڕستەیەکی لە جۆری (١) بە پێی دەوروبەرەکە، بۆ تێگەیشتن، بڕیار لەسەر یەکێك لە نیشانە واتاییە لاوەکییەکانی <گوڵ> بدات، کە ڕەنگە ئەو زانیارییەی قسەکەر دەریدەکات، بۆ هەمان نیشانە لەگەڵ قسەکەردا یەکسان نەبێتەوە، چونکە هەریەك لە نیشانەکانی توخمە فەرهەنگییەکە پێشبینی لێکراوە، بەڵام یەك نیشانە لای قسەکەر مارکەلێدراوەو گوێگریش دەتوانێت لە ڕێی پرسیارکردنەوە پەی بەو نیشانانە بدات، کە لای قسەکەر مارکە لێدراوە. بە پێی پرنسیپەکانی هاوبەشیکردن(Cooperative Principles) ، قسەکەر دەبێت هاوکاری گوێگر بکات، تاپرۆسەکانی لێکگەیشتن ڕووبدات. جگەلەوەی مارکەلێدراویی کۆدەکان یەکێکە لە مەرجەکانی لێکگەیشتن، گرایس چوارمەرجیی بۆ تێگەیشتن خستووەتە ڕوو. ئەوانیش بریتین لە: مەرجی چۆنێتیی (Quality maxim) و چەندێتیی(Quantity maxim) و پەیوەستبوون (Relevance maxim)و شێواز ( Manner maxim).[5] . دەکرێت بگوترێت: (ا) <گوڵ> خۆی هایپۆنیمی چەند واتایەکەو دەکرێت لەبری ئەوان بەکاربهێنرێت، گەیشتنی واتاکەشی بۆ گوێگر بە هایپۆنیمەکەی کاریگەردەبێت، چونکە دەکرێت لە ناویدا

---

٤ ) ئەگەرچیی بە پێی تیۆری دەوربەر (Contextual Theory)، دەوربەری نازمانیی (دەوربەری فیزیکیی،کەلتووریی، سۆزیی....) ڕۆڵی لە بەرجەستەکردنی واتاوە هەیە. توێژینەوەکە زیاتر خۆی بە دەوروبەرە زمانییەکانەوە، پەیوەست بە نیشانەواتاییەکانەوە، خەریکدەکات و لەو ڕوانگەیەوە کاردەکات، کە زانیارییەکان ناوەکیین و لای ئاخێوەری زمانەکە هەن . بۆ زانیاریی زیاتریش دەربارەی ئەو تیۆرە بڕوانە: Widdowson, H (2004:37-50) و ابراهیم چنگیی (٢٠٠٥ : ١٢٣)

٥ ) بڕوانە (Jean Aitchison (2005: 98)و جێبەجێکردنی مەرجەکان لە زمانی کوردییدا لای ئاڤێستا کەمال مەحموود (٢٠٠٩: ٧٠-٧٤).

ئۆرگانە هەستییەکانی بینین و بۆنکردن و دەستلێدن هەڵگیرابێت (ب) بەوەش ڕستەی (١) دەبێتە جێگرەوەی هەرسێ ڕستەی (٢)و (٣) هەریەك لە (جوان و پاك و بۆنخۆش)[٦] نیشانەکراو و مارکەلێدراو و فۆرمبۆداڕێژراوی نیشانە لاوەکییەکانی <گوڵ>ن.

٢) ا. نەسرین هەمیشە جوانە.

ب. نەسرین هەمیشە پاکە.

پ. نەسرین هەمیشە بۆنیخشە.

٣) ا. نەسیرین هێندە پاکە دەڵێی گوڵە.

ب. نەسیرین هێندە جوانە دەڵێی گوڵە.

پ. نەسیرین هێندە بۆنبخۆشە دەڵێی گوڵە.

پەیبردن بە نیشانە واتاییە فەرهەنگییەکان و بەکارهێنانیشی، پەیوەستە بە دەستنیشانکردن و تیشکخستنەسەر یەکێك لەو نیشانانە. ئەگەرچیی وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، نیشانە فەرهەنگییەکانی توخمی <پیاو> زانیارییەکی گشتیین و لای ئاخێوەری زمانەکە هەن، بەڵام لە ڕستەیەکی لە جۆری >بێستوون پیاوە< دا، دەکرێت قسەکەر بیەوێت لە ناو نیشانە واتاییەکانی ئەو توخمانەدا نیشانە/مارکە لە نیشانەی [+هەراش/ژنیهێناوە] بدات، نەك [ +نێر]، ئەویش واتای ڕستەیەکی لە جۆری >بێستوون کوڕە نییە< دەگەیەنێت. قسەکەر بەوە هاوکاریکردنی گوێگر بەوە بکات، کە فۆرم بۆ نیشانەی [+هەراش/ژنیهێناوە]ی <پیاو>، دابڕێژێت، ئەویش بە دروستەیەکی سینتاکسیی وەك ڕستەی > بێستون پیاوە، مەبەستم ئەوەیە ژنی هێناوە<. دەشکرێت لە ڕستەیەکی وەك >ڕزگار پیاوە< تیشکخرابێتە سەر نیشانەی [+نێر]ی ئەو توخمە بێت، ئەویش بەو پێیەی ناوی تایبەتیی <ڕزگار> لە زمانی کوردییدا بۆ ناونانی نێرو مێش بەکاربراوەو دەبرێت.

مۆرفێمە بەندە ڕێزمانییەکان هەڵگری واتان و زیاتر لە نیشانەیەکی واتاییان هەیە. بۆیە دەکرێت، بۆ گەیاندنی واتای دیاریکراو یەکێك لەو نیشانەکانی پێشبخرێت و دەستنیشانبکرێت. مۆرفێمی /ێك/و /ەکە/ خاوەنی نیشانانە بن، کە لە (٣)دا دیاریکراون.

(٣

| ەکە | ێك |
| --- | --- |
| +ناسراو<br>+دیاریکراو | – ناسراو<br>–دیاریکراو |

٦ ) ئەگەرچیی بەپێی زانستی زمانی درکپێکردن ( Cognitive Linguistics) هەرچەندە واتای زمانیی، واتایەکی دینامیکییە(نەرمونیانە). واتا بەپێی گۆڕانی چەمك و تێگەیشتنی مرۆڤ گەشەدەکات. بۆنموونە وەك <گوڵ> لە کۆزانینی مرۆڤی کورددا دەبینرێت، دروستەیەکی واتایی بۆ سەرجەم نیشانەکانی نییە، تا لە ڕێیەوە سەرجەم نیشانەکانی چەشن و جۆرە جیاوازەکانی <گوڵ> دیاریی بکات. بۆ زانیاریی زیاتریش لەوبارەیەوە بڕوانە: کاروان عومەر قادر (٢٠١٢: ٨٠)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دەربارەی زانستەکە هاتوون! بەڵام لەبەر ئەوەی وشەکە هایپۆنیمییەو گشت جۆرو نیشانەکانیش لەخۆدەگرێت، بۆیە دەشێت نیشانەی [+بۆنخۆشیی] نیشانەیەکی چەسپاوی <گوڵ> بێت و لە دنیابینی و یادگەی درێژخایەنی ( Long memory) ئێمەدا بۆ ئەو شتە دانرابێت و پارێزرابێت و لە ئێستادا ڕێکەوتنی کۆمەڵیی (جەماعیی) لەسەر بێت. نیشانەی [+بۆنخۆشیی] نیشانەیەکە لە باکگراوندی وشەکەوە هاتووەو بەکاردەهێنرێتەوە، ئەگەرچیی دەکرێت، لە ئێستادا چەندان گوڵ هەبن، کە بۆنداریش نەبن. (بشڕوانە دنیابینیی کورد لە داڕشتنی وشەی <تەختەڕەش>دا، کە لە ئێستادا هەرچەندە ڕەنگی شتەکەش گۆڕاوە، بەڵام ناوی نوێی بۆ دانەڕێژراوە. هەروەها سەبارەت بە وشەی <تەنەکەخۆڵ>یش هەمان شتە ، ئەگەرچیی مادەی پێکهێنی شتەکە بۆ پلاستیك گۆڕاوە.

+تاك +تاك

هەڵهێنجان و ڕیزبەندیی ئەو نیشانانە پەیوەستە بەو واتایەی، کە قسەکەر دەیەوێ بیگەیەنێت. بۆ گوێگریش ئەو زانیارییە هەڵدەهێنجێت، کە بە پێی فرە نیشانەکانی ئەو مۆرفێمە خراوەتە ڕوو. بڕوانە نموونەی (٤).

٤) ئەم خانووە وەستایەك بۆی بۆیاخ کردم.

لە نموونەی (٤)دا مۆرفێمی نەناسراویی /یەك/ بۆ قسەکەرو گوێگریش خاوەنی ئەو نیشانە فەرهەنگییانەن، کە لە (٣)دا دیاریکراون. بۆیە دەکرێت پێشبینیی ئەوە بکرێت، کە نیشانەکان بە دوو جۆر ڕیزبن، ئەویش بۆ ئەوە تیشکخستنەسەر و نیشانانەکردنە دەگەڕێتەوە، کە قسەکەر بۆ یەکێك لە نیشانەکان دەیکات. واتە یان نیشانەی [+نەناسراویی و دیارینەکراویی] یان [+تاکێتیی] بێت. واتە لە شیکردنەوەی یەکەمی ڕستەی (٤) دیارینەکردن و شاردنەوەی وەستاکەیە، تا نەزانرێت کێیە. لە دووەم شیکردنەوەشیدا ئەوە دەگەیەنێت، کە وەستاکە تەنها یەك وەستایە نەك دووان. دەشکرێت گوێگر بۆئەوەی گوێگر مارکە لەو نیشانەیە بدات، کە دەیەوێت وەك زانیاریی بەدەستی بهێنێت، لە ڕێی پرسیارەکانی لە جۆری >چەند وەستا ئەو بۆیاخەی بۆکردیت؟< یان >کام وەستایە ئەو بۆیاخەی بۆکردیت؟< زەمینەی تێگەیشتن خۆشبکات. هەروەها پەیپێردنی نیشانەکانی مۆرفێمی ناسراویش پەیوەستە بەو بەکارهێنانەی لە ڕێی دەستخستنەری یەکێك نیشانەکانییەوە، دەستدەکەوێت. ئەگەرچیی وەك لە (٣)دا دیارە هەڵگری سێ نیشانەی واتاییە، بەڵام لەلایەن قسەکەرەوە نیشانە لە یەکێکیان بدات. بڕوانە نموونەکانی (٥) .

٥) ا. خەمەکە زۆر بەهێزبوو.

ب. کچەکە نامەکەی نووسیووە نەك کوڕەکە.

پ. کوڕەکە ناندەخوات.

لە نموونەی (٥_ا)دا مۆرفێمەکە بۆ نیشانەکردنی/مارکەلێدانی نیشانەی [+تاك] نییە، ئەویش بەو پێیەی ناوی <خەم> ئەبستراکتەو نەژمێردراوە[٧]. لە هێڵ_بەژێردا هاتووەکانی (٥_ب)یشدا مۆرفێمەکە، نیشانەی [ +دیاریکراویی و جیاکردنەوە] ی دەرخراوە، کەچیی لە (٥_پ)دا نیشانەی [+ناسراویی] مۆرفێمەکە بەکاربراوە.

ئەوەی سەبارەت بە دەستنیشانکردنی نیشانەواتاییەکان لە (١/١)دا خرایە ڕوو، پەیوەست بوو بە پێڕەوی نیشانەکردنی/مارکەلێدانی زمانی کوردییەوە، کە لە ڕێگای خستنە ڕووی زانیاریی ناوەکیی توخمە فەرهەنگییەکانەوە، دەرخرا. توخمە فەرهەنگییەکانی ئاوەزی ئاخێوەرێکی کورد هەرچەندە لە ژمارەدا وەك یەکبن، بەڵام لەکاتی هاتنە دەرەوەیان بۆ بنیاتنان و داڕشتنی فۆرمێکی زمانیی وەك یەك و بەهەمان سەرەوڕیزبوون بەرجەستە ناکرێن. دەشێت لێکۆڵینەوە لە دروستەی زانیاریی ( Information Structure) خستنە ڕوو و بەرجەستەکردنی ئەو توخمانە بێت بەپێی ئەو زانیاریانەی، کە قسەکەر دەیەوێت بیگەیەنێت، چونکە دروستەی زانیاریی ئەو میکانیزمەیە، کە هەوڵدەدات دروستترین فۆرم بۆ ئاخاوتن و پەیامەکان هەڵبژێرێت، مەبەستیش لە دروستترین فۆرم ئەوەیە، کە گوێگر لە هەربارێکدا بێت،

---

٧ ) عەبدوالجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠ : ٢٦-٣١).

بتوانێت بەڕاستیی و دروستیی لە پەیامی قسەکەر تێبگات[8]. ئەگەرچیی خستنە ڕووی زانیارییەکە لە ڕێی هاتنەدەرەوەی توخمە فەرهەنگییەکەوە دەبێت، بەڵام ئەو توخمە بە چەپکێك نیشانەوە دێت. بەوەش، دەکرێت، بگوترێت، ئاخێوەری زمانەکە (قسەکەرو گوێگر) زانیارییەکانی لەسەر ئەو چەپکە نیشانەیە، کە بووەتە زانیاریی ناوەکی یەك توخمی زمانیی. بەڵام دەبێت ئەوە بگوترێت، کە ئاخێوەرەکە نیشانەکان لە ڕێی توخمە دەرچووەکەوە دەناسێتەوە، واتە بۆ نموونە توخمێکی دەرچووی فەرهەنگیی وەك <پیاو> گەورەترین نواندنی نیشانەکانی [+مرۆڤ, +نێر, +هەراش] و [ +جوامێریی، +بەهێزیی، +چاکیی, ....]یەو هایپۆنیمییە، کە وەك پێشتر باسکرا، دەشێت ئاخێوەری زمانی کوردیی بۆ تێگەیشتن مارکە لە یەکێك لەو نیشانانە بدات، بەوەش مارکە لێدانەکە دەبێتە مارکەلێدانێکی واتایی (Semantic Marking)[9]. لە مارکەلێدانە فۆرمێکەش (مارکەلێدانی فۆرمیی مۆرفۆلۆژییانەیە، چونکە بە فۆرمداڕشتنەوە پەیوەستە. بڕوانە هەریەك لە <ماکەو و نێرەکەو> ، کە بۆ توخم/ڕەگەز (sex)، هەریەکەیان بە جیا بۆ نیشانەی [+مێ] و نیشانەی [+نێر]مارکەیان لێدراوەو <کەو> هایپۆنیمەکەیانە) پەیکاڵی هەمان پرۆسەی مارکەلێدانە واتاییەکە بێت[10]. بۆ نموونە <سووتان> هایپۆنیم و واتای گشتیی هەموو پلەکانی سووتانەو لە ڕێی فۆرمەکانی (بووبە قەرەبرووت، داپڵۆخا، کڵوکۆی دامرکا، بووبە قەقنەس)یەوە مارکە لە پلەکانی دراوەو فۆرمی وشەیی بۆ هەریەکەیان داڕێژراوە. دەشکرێت هەبوونی فرە فۆرمی بۆ چەمکی <مردن> پەیوەست بە نرخی جیاوازەوە فۆرمی مارکەلێدراوی لە جۆری <مردن، تۆپین، مرداربوونەوە، وشکبوون،....>ی بۆ داڕێژرابێت. خودی <مردن>یش، کە بۆ مرۆڤ تایبەت کراوە، چەند فۆرمێکی تری، وەك پەردەپۆشکردنی بیری تابۆ(Taboo)و جوانییەدەربڕینی (Euphemism) لە جۆرەکانی <کۆچیدوایی، گیانلەدەستدان، دواماڵئاوایی، وەفاتیکرد، ئەمرییخوایکرد....>ی بۆدانراوە. بە شێوەیەك، کە لە ڕێگایانەوە، نرخ و ئاستی مرۆڤە مردووەکە لای گوێگر ڕووندەبێتەوە، چونکە دەربڕینی هەریەکەیان لای قسەکەر دەرخستنی بەهایەکە بۆ کەسی مردوو. واتە ئەو فرەجۆرییە بۆ چەمکی <مردن> بۆ دیاریکردنی هێزی کۆمەڵایەتیی[11] نیشانەو مارکەلێدراوە، ئەویش لەبەرئەوەی لە ڕێی تێکەڵکردنەوە[12]، ئاست و بەهاکانی پێدادەبەزێنرێت. <تۆپین> وەك جۆرێك لە مردن، بۆ مردنی ئەو ئاژەڵانەیە، کە دڕندەن و گۆشتیان ناخورێت. بەڵام ڕستەیەکی لە جۆری (٦) ئەو دەردەبڕێت، کە لای قسەکەر، کەسە مردووەکە بۆ یەکێك لە نیشانەکانی <تۆپین> : [+ئاژەڵ، + دڕندە، + بێئەقڵ] مارکەی لێدراوە.

٦) فلان کەس تۆپیی.

بەهای مرۆڤی لێسەندراوەتەوە

پێڕەوی مارکەلێدان لە زمانی مرۆڤدا ڕێگایەکە بۆ ناسینەوەی وردترو تێگەیشتنی زیاتری نێوان قسەکەرو گوێگر، چونکە وەك لە هەنگاوەکانی پێشتردا ڕوون بووەوە، مەرج نییە، دەرکردەیەی لە قسەکەرەوە بۆ

---

٨ ) بڕوانە گۆنا عومەر عەبدوڵا (٢٠١٣ : ١٧)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتوون.

٩ ) گەر وشەیەك سەبارەت وشەکانی خوار خۆی، گشت ناوەڕۆك و واتای فۆرمێك بگەیەنێت، ئەوا مارکەلێنەدراوە ، بەڵام دەشێت ئەوانەی خوار خۆی مارکەلێدراو بن (marked) بڕوانە (٨٠: ١٩٧٦ Palmer).

١٠ ) دەربارەی مارکەلێدانی ڕەگەزیی بڕوانە کۆرشی سەفەوی (٢٠٠٦: ٣٢_٣٧).

١١) بشڕوانە پۆلێنکردن و شیکردنەوەی تابۆو هێزی کۆمەڵایەتیی، لای شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١: ١٥٣–١٥٨).

١٢) محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١: ١٦٣–١٦٤)

گوێگر یەکسان بن[١٣]. بۆیە قسەکەر لەڕێی مارکەلێدانەوەکەوە زانیارییەکان بۆ گوێگر یەکسان دەکاتەوە. کەرەستە مارکەلێنەدراوەکانی زمان هێندە دەربڕی گشتێتیین، کە دەبێت بۆ تێگەیشتن و یەکسانکردنەوەی زانیارییە دەربڕاوەکانی نێوان قسەکەرو گوێگر مارکەیان لێبدرێت. بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتریش دەکرێت ڕەنگەکانی زمانی کوردیی بە نموونە بهێنرێنەوە، کە بەهۆی کەمییانەوە (ڕەنگە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردیی بریتیین لە: ڕەش، شین، سەوز، سوور، زەرد، مۆر، بۆر، بۆز، دێز، سپیی) مارکە لێنەدراون، بەڵام لەبەر ئەوەی هایپۆنیمین و هەریەکێك لەو ڕەنگانە هەموو پلەکانی خۆیان، لە تۆخترینەوە بۆ کاڵترینیان دەگەیەنن. بۆیە قسەکەری زمانەکە: (ا) لە ڕێگای پەیوەستکردن/کۆلۆکەیشنەوە مارکە لە پلەی ڕەنگەکە دەدرێت. بڕوانە نموونەکانی (٧)، کە مارکە لێدانی ڕەنگی (شین)ەو تێیدا پەیوەستکردنی ڕەنگەکە بەهەریەك لە کۆترو شینبوونەوەی منداڵ و دەشتودەرەوە جۆرێکە لە مارکەلێدانی ڕەنگەکە . (ب) یان بە دروستەی فرێز لە ڕێی دەرخەرەوە پلەی ڕەنگەکە دەستنیشاندەکرێت[١٤]. بڕوانە (شینی ئاسمانیی، شینی قەزوانیی، شینی چویتیی، ....)

٧) ا. دوو کۆتری شینم کڕی.

ب. منداڵەکە شین هەڵگەڕا.

پ. دەشتودەر شین بووە.

بەپێی لێکدانەوەکانی سەرەوە، ئەوە ڕووندەبێتەوە، زۆربەی فۆرمە فەرهەنگییەکان/ یەك_لێکسێمەکانی زمانی کوردیی مارکەلێنەدراون. چونکە زۆربەیان گشتێتیی دەردەبڕن، ئەوەش وای کردووە، کە فۆرمی فەرهەنگییمان کەم و ناوەخن فراوان و دەوڵمەند بن. بەوەش لە ڕێگای بەکارهێنان و پەیوەستکردنی یەك_لێکسێمەکانەوە ناوەخنە واتاییەکەیان دەردەخرێت و مەودای فەرهەنگییان فراوان دەکات.

**١/١_٢ ) زانیاریی سینتاکسیی**

لە (١/١_١)دا زانیارییە واتاییەکان بەپێی نیشانەکردن و مارکەلێدانی نیشانی واتایی توخمە فەرهەنگییەکانەوە خرایە ڕوو. زانیاریی سینتاکسییەکانیش پەیوەست بە ئاخێوەری زمانەوە، لە نواندنی دیوی دەرەوەی زانیاریی فەرهەنگییەوە دێت. ئەویش بەو پێیەی سینتاکس ئەو زانیارییانە دەنوێنێت و دەخاتەڕوو، کە لەفەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەری زمانەکەدا هەڵگیراون. سینتاکس و نواندنەکانی لە یاساکانی فۆرمداڕشتندا، کە دەربڕینی کۆدی زمانیی، دەبێتە ڕێگایەك بۆ هاتنە دەرەوەی جۆری ئەو زانیارییەی لای قسەکەر هەیە، کە دەشێت لای گوێگر هەمان لێکدانەوە بۆ کۆدەکان بکرێت یان نا. لە هەر بارێکدا یەکێك لەو زانیاریانە یان زیاتر، لای گوێگر لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بە پێی یاساکانی پرۆسەی بەکۆدکردن (Rules of Encoding Process) دەربڕینەکە لە قسەکەرو گوێگر پێڕەوی کام یاسایە دەکات: (ا) کام X پەسەندترە لە X دەربڕاوەکانی تر؟ (ب) کام X لە X کانی تر دروستترە؟ (پ) کام X لە X کانی تر لەڕووی پەیوەندییەوە بەهێزترە؟ (ت) کام X لە Xکانی تر لە

١٣) بشڕوانە محەمەد مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤: ٩٤–٩٩)

١٤ ) بڕوانە بکر عمر عەلیی و عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١١: ١٥_٢٢)

کاتدا خێراتر ئامادەدەبێت؟ (ج) یاسای کام X لە X کانی تر کورتبڕترە؟[١٥]. هاتنە دەرەوەی کۆد، کە لە دروستە سیناکسییەکاندا بە فۆرمی فرێز ئەنجامدەدرێت، پەیوەست بە سنووری ئەم توێژینەوەیەو وەك لە (١_١/١)دا خرایە ڕوو، قسەکەرو گوێگر لە ڕووی واتاوە ئەو یاسایە دەکەن، کە کام X لە X کانی تر مارکەلێدراوترە؟ ئەویش لەبەر ئەوەی کۆدەکە، ئەگەر لای قسەکەر مارکەلێدراوبێت، ئەوا لای گوێگر لێکدانەوە واتاییەکەی یەکسان دەبێت. پەیوەست بە سینتاکسیشەوە، دەکرێت بگوترێت، کە کام X بە Xێکی ترەوە بەستراوەتەوەو نیشانەکراوە؟ واتە کۆدەکان لە دەربڕاوێکدا کامەیان هەمان بەستنەوەو کامەیان بەستنەوەی جیاوازیان هەیە، تا ئاخێوەرەکە لێکدانەوەی جیاواز بۆ کۆدەکان بکات؟ ئەو جۆرە لە بەستنەوە، جۆرێکە لە مارکەلێدانی سینتاکسیی، کە دەکرێت لە تیۆری بەستنەوەدا (Binding Theory) هەنگاوەکانی جێبەجێبکرێت.

تیۆری بەستنەوە وەك لقێك لە تیۆرەکانی ڕێزمانی حوکمکردن و بەستنەوە. بە شێوەیەکی گشتیی لە دابەشبوونی فرێزەکانی ناو ڕستە دەدوێت و ئەو شوێنانە دیاریدەکات، کە تیایدا فرێزێك لەگەڵ فرێزێکی تردا هاونیشانە دەبێت. کەواتە تیۆری بەستنەوە خۆی بە دیاریدەی هاوئاماژەیی و هاونیشانەکانی نێوان فرێزەکانی ناو ڕستەوە خەریکدەکات[١٦]. چۆمسکیی پێیوایە، کە گرێیەك بەمەرجێك گرێیەك دەبەستێتەوە، کە وەچەئاراستەی بکات و هاونیشانە بێت لەگەڵی[١٧]. تیۆرەکە لەسەر بنەمای جێناوە خۆیی (ئەنافۆرەکان[١٨])و جێناوی کەسیی سەربەخۆو دەربڕەئاماژەدەرەکان/ناوەتایبەتییەکان، یاساو ڕێساکانی دەدەڕێژێت. بەپێی جیاوازیی بەستنەوەو مارکەلێدانی هەریەك لەو جۆرانەی فرێزی ناویی دەرکردەی واتایی جیاواز دەستدەکەون. بۆیە دەکرێت بگوترێت، کە تیۆرەکە تیۆرێکی سینتاکسیی_سیمانتیکییە. ئەویش بەو پێیەی بەستنەوەکە لەنێوان فرێزەکانی ناو ڕستەیەکدایەو بە پێی بناماکەش ئەوە پێشنیازدەکرێت، کە ئانافۆرەکان هەمیشە بەستراوەو نائازادن (بڕوانە (٨_ا)، کە ئانافۆرە بەستراوەکە دروستەیەکی ڕێزمانیی هێناوەتە ئاراوە، کەچیی لە (٨_ب،پ)دا پێچەوانەکەی ڕوویداوە)، بەڵام جێناوی کەسیی و ناوەتایبەتییەکان هەمیشە ئازادن، واتە نابێت ببەسترێنەوە بڕوانە (٩_اب)[١٩]. لادانیش لەو بنەمایە ڕستەکە ناڕێزمانیی دەکات. واتە تیۆرەکە لە ڕووی فۆرم و جۆری فۆرمەوە باس لە سینتاکسیی بەستنەوە دەکات. بەوەش پەسنی ئەوە دەکات، کە ئاخێوەری زمانێك ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە بەستنەوەی نێوان فرێزەناوییەکان لەلایەو بەهۆیەوە ڕستەی ناڕێزمانیی لە جۆری (٩_ پ، ت) پێدەناسێتەوە. نموونەکانی (٨-٩) ئاماژەدانە بە بەستنەوەو پەیوەندیی فۆرمیی نێوان فرێزەکانی ڕستە. واتە پشتی بە بەستنەوەی واتایی نەبەستوە، چونکە ئەوە ڕادەگەیەنێت، (NP)ی ئانافۆریی بەستراوەیەو (NP)یەك جێناوی سەربەخۆو ناوی تایبەتیی بێت نەبەستراوەیە.

٨) ا.نەوزاد خۆی نانەکەی کڕی.

i i

١٥ ) بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩: ١٣٧-١٤٦) و ئاڤێستا کەمال مەحموود (٢٠١٢: ٨٤_٨٧)

١٦) Trask (1993 : 30)

١٧) Chomsky (1993 : 184)

١٨) ا. بەپێی تیۆری (GB) ئەنافۆر دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێك لە فرێزی ناویی، کە ئاماژەپێکەرێکی سەربەخۆی نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك وەچەپێکهاتەی تر (وەچەبەستێنەر) لە ڕستەدا. بڕوانە Crystal (1991 : 18)

ب. بۆ زمانی کوردیی بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٤٥) و حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩ : ٢٢٤-٢٣٠)

١٩) Chomsky (1986a : 166)

ب. *خۆ نەوزادی نانەکەی کڕی.
پ. *نەوزاد خۆ نانەکەی کڕی.
٩) ا. من ئەوم بینی.
j i
ب. ئەو ئەوی خۆشدەوێت. *ئەو ئەوی خۆشدەوێت.
j i    i i
پ. *من منم بینی.
i i
ت. *نەوزاد نەوزادی بینی.
i i

بەستنەوەکە لەو کاتەوە دەبێت بە سیمانتیکیی، کە بەستنەوەی جیاوازی نێوان فرێزەکان، دەرکردەی واتایی جیاوازیان لێدەکەوێتەوە. بەو پێیەی لە (١/١_١)دا لە زانیارییە واتاییەکاندا خرایەڕوو، کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان کۆدێك بوون، کە کۆمەڵێ نیشانەیان لە خۆیاندا حەشاردابوو، بۆیە لە هاتنەدەرەوەیاندا بە بێ مارکەلێدانی یەکێك لە نیشانەکان، واتای کۆدەکە بۆ گوێگر لێکنەدەدرایەوە. ئەو لێکدانەوەیە بۆ دەربڕینی فۆرمەسینتاکسییەکانیش هەمان شت بەدەستەوە دەدات. فۆرمداڕشتنی سینتاکسیی، هاوشێوەی کەتیگۆرییە فەرهەمگییەکان/ یەك_لێکسێمییەکان (فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکانیش بۆ چەمك و شتی دەرەوەی زمان دادەڕێژرێن)، بۆ چەمك و بیرو دنیابینییەك داڕێژراون، بۆیە دەبێت پێشبینیی ئەوە بکرێت، کە داڕشتنی هەر فۆرمێکی سینتاکسیی واتایەکی تایبەت بە خۆی ڕابگەیەنێت و بەیانبکات. بۆ نموونە هەردوو ڕستەی >نەوزاد نان دەخوات< و >ئازاد نامە دەنووسێت< دوو فۆرمی جیاوازن و بۆ دوو بیرو ناوەڕۆکی جیاواز دەڕێژراون. واتا دوو بیچمی سینتاکسیی جیان و دوو بیرو زانیاریی جیاشیان لە خۆیاندا هەڵگرتووەو داڕشتنی فۆرمەکەشیان بۆ گەیاندنی بیرو زانیارییەکەیە. گوێگر لە بیستنی هەردوو ڕستەکەی سەرەوەدا لە ڕێی بیستنی کۆدەکانەوە زانیارییەکان بە پێی نیشانە واتاییەکانی دەربڕاوەکە لێکدەداتەوە، بەڵام بۆیە هەردوو ڕستەکە بۆ سینتاکس لێکدانەوەی تری نییە، چونکە بەپێی بانگەشەی تیۆری بەستنەوە، فرێزەکانیان (واتە ئازاد،نەوزاد،نان، نامە) نەبەستراوەو ئازادن، بەوهۆیەشەوە ڕستەکان یەك بیچم و یەك لێکدانەوەیان هەیە.

بۆ ئاخێوەری زمانەکە، ئەو دروستە سینتاکسییانە پێویستیان بە مارکەونیشانەکردنە، کە لە بیچمێکدا خۆیان دەنوێنن و چەند واتاو لێکدانەوەیەکیان تێدا حەشاردراوە. لەو کاتانەدا تیۆرەکە پێوەرێکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ڕەهەندە جیاوازانەی لە یەك بیچمدا هەڵگیراون. ئەویش بۆئەوەی مەوداکانی نێوان قسەکەرو گوێگر یەکسانبکرێنەوە. قسەکەر لە کاتی دەربڕینی دروستەکەدا، پەیوەست بە بەستنەوەکانەوە، چەمك و بیرو زانیارییەکانی دەنێرێت، گوێگریش ئەگەرچیی دروستەکەی بە هەمان بەستنەوەی بۆ گەیشتنی زانیارییەکە لەلایە، بەڵام مەرج نییە، لەهەمان کاتدا بەدەستی بهێنێتەوە. بۆیە نیشانەکردنەکە دەبێتە ڕوونکردنەوەیەك بۆ ڕەهەندە جیاوازەکانی ناواخنی دروستە سینتاکسییەکە. بەدەستهێنانەوەو بیرکەوتنەوەی واتا جیاوازەکانی بیچمێکی سینتاکسیی لەلای گوێگر دەبنە بەڵگەی هەبوونی هەمان زانیاریی لای گوێگر. واتا وەك پێشتر گوترا، ئەگەرچیی دەوروبەرەکان کاریگەرییان لەسەر خێرایی تێگەیشتنی گوێگر هەیە، بەڵام دەبێت زانیارییەکان ناوەکیی (Internal)بن و دەوروبەر

یارمەتییدەربێت بۆ بەدەستهێنانەوەی. لە ڕێی نموونەکانی خوارەوە بەڵگەکان دەهێنرێنەوە.

١٠) ا. نەوزاد دەیەوێت، ئەو خۆی کارەکە تەواو بکات.
i i i

ب. ا. نەوزاد دەیەوێت، ئەو خۆی کارەکە تەواو بکات.
j j i

پ.بێستوون و دڵشاد داوایان لە نەسرین و شەونم کرد، کە (pro) بڕۆن.
i j i

ت. ئەوان داوایان لە نەسرین و شەونم کرد، کە (pro) بڕۆن.
i i j

١١) ا. پیاوەکە ژنەکەی لە براکەی کرد.

ب. ئەو کوڕەکەی بە دەمانچەکەی کوشت.

نموونەکان (١٠ و ١١) چەند دروستەیەکی سینتاکسیین و لە فۆرمی ڕستەی سادەو ئاڵۆزدا نوێنراون. دیوی دەرەوەی ڕستەکانی (١٠_ا،ب،پ،ت) هەمان بیچمیان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕستە ئاڵۆزەکە فرێزی ئانافۆریی {خۆ}ی تێدایەو دەبێت، بەستراوەبێت و لە ڕووی واتاشەوە، دەشێت، توخمەکانی ناو ڕستەکان خاوەندارییان هەبێت[٢٠]، بۆیە گوێگر بۆ هەڵهێنجانی واتاکەی، بەو شێوەیەی (١٠_ا،ب) بە (j ، i) لە هەونیشانەکراون ، دوو لێکدانەوەیان لەبەردەمدا دەبێت: لە یەکەمدا ئانافۆرەکە لەگەڵ بکەری ڕستەی یەکەم و دووەمدا هەمان کەسن و لەیەك کاتدا بە هەردووکیانەوە دەبەسترێتەوەو نیشانە دەکرێت، (١٠_پ،ت)ش بەستنەوەی یەکەم ئەوە دەگەیەنێت، (بێستوون و دڵشاد داوادەکەن بڕۆن)، بەڵام لە دووەمدا (نەسرین و شەونم دەڕۆن). لە (١١)شدا ئەگەرچیی بۆ خاوەندارییەکان ئانافۆرەکان دەرنەبڕاون، بەڵام لەسەرێکەوە، دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی فرێزی ناویی خستنەپاڵی خاوەندارییە[٢١]و لەسەرەکەی ترەوە فرێزەکی لەڕێی نیشانەی /ی/هوە پرۆسەی ڕێکەوتنی (Agreement) ئەنجامداوە، نەك بەستنەوە. بۆیە لێکدانەوەکە بەو جۆرە دەبێت، کە (ا) گەر پرۆسەکە ڕێکەوتن بێت، ئەوا فرێزەکان بەستنەوەی جیاوازیان دەبێت و یەك ڕەهەندی واتاییان دەبێت، بڕوانە (١٢). (ب) ئەگەرچیی مۆرفیمی /– ی/ لە فرێزەکانی {براکەی، ژنەکەی، دەمانچەکەی} مۆرفۆسینتاکسیی و ئانافۆرییە، بەڵام بۆ دەرهێنانی واتاشاراوەکانی ئەو دروستانە، لەسەرەتادا دەبێت، ئانافۆرە دەرنەبڕاوەکان دابنرێنەوە، پاشان لە ڕێی بەستنەوە جیاوازەکانیانەوە، ڕەهەندەواتاییەکانی ئەو بیچمە سینتاکسییانە ڕوونبکرێنەوە، چونکە ئانافۆرەکان بەستنەوەی جیاوازیان لەگەڵ بۆگەڕاوەکانیاندا دەبێت. بڕوانە (١٣).

١٢) ا. پیاوەکە ژنەکەی لە براکەی کرد.
j i

---

٢٠ ) بشروانە فاروق عمر سدیق (٢٠١٣: ١٣٩_١٤٢)

٢١ ) فرێزی ناوی خستنەپاڵی خاوەنداریی، جۆرێکە لە فرێزی ناویی و خاوەندارییی دەردەبڕێت و دروستەی تایبەت بەخۆی هەیە. دروستەی سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسییشی هەیە. >دەستی من، چاوی ئەو، کوڕی تۆ< ، >دەستم، چاوی، کوڕت< بۆ زانیاری زیاتریش بڕوانە عبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٠: ٤٢–٤٥).

ب. ئەو کوڕەکەی بە دەمانچەکە کوشت.

k j i

١٣) ا. پیاوەکە ژنەکەی خۆی لە براکەی خۆی کرد.

i i i

ب. پیاوەکە ژنەکەی خۆی لە براکەی خۆی کرد.

j i j i

پاش ئەوەی لە نموونەکانی (١٣)دا ئانافۆرەکان دانرانەوەو بەپێی خاوەندارییەکان بەسترانەوە، دەرکەوت: لە یەکەمدا {ژنەکە و براکە} هی {پیاوەکە}ن، بەڵام لە دووەمدا {ژنەکە}هی {پیاوەکە}و {براکە}ش هی {ژنەکە}یە. لە نموونەکانی سەرەوەدا بەستنەوەکان بۆ نیشاندانی ناوەخنەواتاییەکانی بیچمی ڕستەکانە، کە دەشێت گوێگر لە ڕێی پرسیاری لە جۆری <برای کامیانە؟>ەوە یەکێك لە واتاکانی دەستبکەوێت.

ئەگەرچیی نموونەو شیکردنەوەکانی سەرەوە بۆ زمانی قسەکردن هێنرانەوە، بەڵام دەکرێت لێکدانەوەی بیچمەکان بۆ نووسینش هەمان خستنەڕوو و ئەنجامی هەبێت. بۆ نموونە ڕستەیەکی لە جۆری (١٤)، هەرچەندە ئانافۆرەکانیش بەرجەستەکراون، وەك مانشێتی ڕۆژنامەیەك بۆ خوێنەر دوو مارکەلێدان هەڵدەگرێت، چونکە بە پێی نیشانەکردەکان، لە یەکەمدا ماڵەکە هی مامجەلالە و لە دووەمدا هی کاك نەوشیروانە.

١٤) ا. مامجەلال کاك نەوشیروانی لە ماڵەکەی خۆیدا بینی.

i j i

ب. مامجەلال کاك نەوشیروانی لە ماڵەکەی خۆیدا بینی.

j j i

شاعیران داهێنەری یاساکانی زمان نین، تەنانەت پێش لەدایکبوونی ئەوانیش یاساکانی زمان هەبوون. هەروەها دەبێت ئەوەشبگوترێت، کە شاعیر وەك هەر ئاخێوەرێکی زمان لە ڕێگای پرۆسەی زمان پژانەوە زمانیان وەرگرتووەو توانست و توانای زمانییان لەگەڵ ئاخێوەری زمانەکەی خۆیدا وەك یەکن.

دەتوانرێت بگوترێت، کە شاعیر زمان بۆ دەربڕینی شیعرەکانی بەکاردەهێنێتەوەو پێڕەوی ئەو یاساو ڕێسایانەش دەکات، کە ڕێزمان و سینتکسیی زمانەکەی قبوڵیەتیی. واتە ئەویش ئەو زانیارییە سینتاکسییانە جێبەجێدەکات، کە لە ناواخنی توخمە فەرهەنگییەکاندا هەن. ئەگەر لادان لە سینتاکس و واتای زمانە شیعرییەکەشی بکات، ئەوا لەسەر بنەمای سنتاکسی دروست و و واتای ڕاست ئەنجامی دەدات. واتە کاتێك دەزانرێت شاعیر لە سینتاکس و واتادا لادانی کردووە، کە ڕێگای ڕاستی بەکارهێنانەکە بزانرێت. ئەگەرچیی شاعیر چەند لادانی زمانیی ئەنجام بدات، هێندە لە شیعرییەت نزیك دەبێتەوە[٢٢]، بەڵام هەندێك خستنەڕوو لای شاعیر هەن، کە بە یەك بیچمەوە دەردەکەون و هیچ لادانێکی ڕێزمانیی تێدا نییە. لە جۆرە فۆرمانەدا شاعیر واتایەکی فەرهەنگیی و ناوەکیی هەیەو لە ڕێی داڕشتنی یەك فۆرمەوە دەیخاتە ڕوو. شاعیر لە ڕێی سەلیقەیەکی زمانییەوە، بە فۆرمێکی زمانیی، ناوەرۆکێك دەردەبڕێت، کە خوێنەرو گوێگر پەیان پێنەبردووە. واتە تەسەورەکە هەیە، ئەگەرچیی کۆدکردنەکە/ بە جفرەکردنەکە پرۆسەی تەسەورەکانی (چەمك و ناوەرۆکەکانی) قسەکەر/گەیەنەرە بۆ هێمای زمانیی، واتە چۆن دروستە بیرییەکان دەگۆڕێن و دەکرێن بە دروستەی زامانیی[٢٣]، بەڵام مەرج نییە لای خوێنەرو گوێگرەکە درکپێبکرێت و هەموو ڕەهەندە واتاییەکان لێکبدرێنەوە. تەسەورەکە لای شاعیرەکە پێشبینیی و مەزەندە کراوە. لەو دەمەشدا شاعیرەکە تەنها چالاککەرو بیرخەرەوەی ئەو بیرەیە، کە دەیەوێت بیگەیەنێت و خوێنەرو گوێگری پێتاقیدەکاتەوە. ئەوەی لە (١/٢)دا سەبارەت بە تیۆری بەستنەوە پەیوەست بە هاونیشانەکردنی فریزەکانەوە

٢٢ ) محەمەد مەعروف فتاح (٢٠١٠: ٤٠١_٤٠٥)

٢٣ ) محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩ : ٥٨)

ڕوونکرایەوە، بۆ جێکەوتە دەرنەبڕاوەکانی فریزەکانیش هەر ڕاستە، چونکە دەبێت پێشبینیی ئەوەش بکرێت، کە ڕەنگە فریزێکی بەرجەستەکراو لەگەڵ جێکەوتەی فریزێکی بەرجەستەنەکراو ببەستێتەوە. لەوێوە شاعیرەکە بەهۆی فریزە بەرجەستەنەکراوەکانەوە فرەناوەرۆکیی لە ڕێگای بیچمێکەوە دادەڕێژێت و شیعرییەتی خۆی دەنوێنێت. ڕوونکردنەوەکان لە سەر بەیتێکی نالیی لە (١٥)دا دەخەینە ڕوو.

١٥) وتی نالی ئەتۆ بمرە ئەمن دێم

خودا کەی بێ خودا کەی بێ خودا کەی

لە نموونەیەکی وەك (١٥)دا، نالیی لە ڕێی بەیتێکی ڕێزماندروستەوەو بەهۆی بەستنەوەو ڕێکەوتنی جیاوازەوە فرەناوەرۆکیی و ڕەهەندیی واتایی لە یەك بیچمدا خستووەتە ڕوو. ئەگەرچیی نووسینی ئەم بەیتە زیاتر لە سەدەو نیوێکە، بەڵام خوێنەر بەتەواویی پەی بە ڕەهەندە واتاییەکانی ئەو بیچمە نەبردووە. نالیی لە ڕێی ئەو بەیتەوە خوێنەری خۆی تاقیکردووەتەوەو تەسەورێکی خۆی بە زمان بەرجەستەکردووەو بە ئاگاییەوە فرەواتاییەکانی بە بەستنەوەی هەمەجۆری فریزەکان و جێکەوتەبەتاڵەکانەوە دەرخستووە. لە (١٦) لە ڕێی شیکاری بەیتەکەوە واتاکان لێکدەدەینەوە.

١٦) ا. (ئەو/pro) وتی نالیی ئەتۆ بمرە ئەمن دێم

i j j i

خودا (pro) کەی بێ خودا (pro) کەی بێ خودا کەی

i i

ب. ا. (ئەو/pro) وتی نالیی ئەتۆ بمرە ئەمن دێم

i j j i

خودا کەی بێ خودا کەی بێ خودا کەی

k k

پ. (ئەو/pro) وتی نالیی ئەتۆ بمرە ئەمن دێم

i j j i

خودا کەی بێ خودا کەی بێ خودا کەی

i i

ت. (ئەو/pro) وتی نالیی ئەتۆ بمرە(مردن) ئەمن دێم

i k j j i

خودا (مردن) کەی بێ خودا (مردن) کەی بێ خودا کەی

k k

نموونەی (١٦_ا،ب،پ،ت) دەرخەری ئەو تەسەورانەیە، کە لە ئاوەزی شاعیردان و لە ڕێی بەستنەوە جیاوازەکانەوە لە یەك بیچمدا گەیاندونی. بەستنەوەکان نیشانەیەکن لە ڕێگایەوە ئەوە پەیپێدەبرێت، کە شاعیر کام ناوەرۆك و تەسەور دەخاتە ڕوو. لە (١٧) ناوەرۆکەکانیان لێکدەدرێنەوە:

١٧) ا. ئەو وتی مەرجی هاتنی من بۆلات ئەوەیە، کە بمریت. ئەوا مەرجی مردنم جێبەجێکرد (واتە ئەوا مردم) خوایە ئەو کەی دێت؟!

ب. ئەو وتی مەرجی هاتنی من بۆلات ئەوەیە، کە بمریت. خوا کەی دێت؟ تابممرێنێت و مەرجی مردن جێبەجێ بکات، تا ئەو بێت.

پ. ئەو وتی مەرجی هاتنی من بۆلات ئەوەیە، کە بمریت. ئەو کە خوایە کەی دێت. (واتە مردن هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە خوا)

ت. ئەو وتی مەرجی هاتنی من بۆلات ئەوەیە، کە بمریت. مردن کەی دێت، تا ئەو ببینم. واتە مردن بە ئاوات ئەخوازم مادام، مەرجی هاتنی ئەوە.

## ئەنجام

١. فۆرمە زمانییەکانی زمانی کوردیی وەك بیچم/دەموچاو دەردەکەون و کۆمەڵی نیشانەی واتاییان تێدا هەڵگیراوە. ئەوەش وادەکات گەیاندنی زانیاریی لە نێوان قسەکەرو گوێگردا یەکسان نەبێت. بۆیە قسەکەر لە ڕێگای نیشانەکردن/ مارکەلێدانەوە زانیارییەکە دەگوێزێتەوە، ئەویش: لەڕێگای فۆرمداڕشتنی مۆرفۆلۆژیی (بڕوانە وشەکانی ماکەو، نێرەکەو، لەگەڵ ئەو فۆرمانەی بۆ جۆرەکانی سوتان و مردن داڕێژراون) یان گوێگر لە ڕێگای پرسیارەوە زانیارییەکە لە قسەکەر بەدەست دێنێت. نواندنی بیچمیی مارکەلێنەدراوی فۆرمەکانی زمانی کوردیی هۆیەکە بۆ دەوڵەمەندیی فەرهەنگەکەی، ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بیچمە مارکە لێنادراوەکان گشتێتیی دەردەبڕن و واتای جیاوازییان لێهەڵدەهێنجرێت. بەکارهێنانی بچمە مارکەلێنەدراوەکان بەتایبەتیی میتافۆرەکان پڕناوەڕۆك و سەرنجڕاکێشترن، ئەویش لەبەر ئەوەی بچمەکە نوێنەری کۆمەڵێك نیشانەیەو بەهۆیەوە دەگەیەنرێت. بڕوانە بچمی میتافۆریی <گوڵ>!

٢. سینتاکس تەواوکەری پەیڕەوی مارکەلێدانی زمانی کوردییە. ئەویش بەو پێیەی ئاخێوەریی زمانەکە لە ڕێی هاونیشانەکردن و بەستنەوەی فرێزەکانەوە مارکە لە بیچمە هاوشێوەکان دەدات و واتای بیچمەکان یەکلادەکاتەوە.


## الخلاصة

تتجلى المفردات المعجمية الكردية كهيكل او شكل ذات مدلولات متعددة. وهذا يدل على ان هذه كلمات تحمل في طياتها مجموعة من دلالات مختلفة. لذاينبغي على المتكلم ان يحاول اعطاء السامع هذه المدلولات التي يريد اصالها عن طريق تحديد هذه المدلولات التي تكون موجودة في الكلمات المعجمية. على الرغم من ذلك فان هناك مجموعة من الفاظ ذات دلالات محددة في المعاجم اللغوية الكردية، بحيث يكون وجود هذه المفردات عاملا مساعدا و سهلا لنقل المعلومات الى مخاطب، لان تحديد المدلولات لهذا الدوال سبب رئيسي للوصول الى المعاني التي يريدها المتكلم. وقد تبنى اللغة في بعض الحيان مفردات ذات مدلولات معينة عن طريق بعض التقلبات الصرفية او عن طريق بعض الوسائل النحوية.



## Abstract

Lexical Kurdish words appear as shapes or faces and they are multi-features. This means that Kurdish words are the carrier of many features and marks. Thus, speakers try to transfer those marks or signs when they want to convey a specific meaning additionally, in our Lexicon there are some unmarked words whose existence is a simple passage to transfer information. This is so because markedness is a means of having a quick access to directed meaning. Thus, the Kurdish language some times coins new marked words through the established morphological processes or by using syntactic techniques.


## سەرچاوەکان


**١- بە زمانی کوردیی:**

١. ئاڤێستا کمال مەحموود (٢٠٠٩) پراگماتیکی ڕستەی پرسیارو فەرمان لە زمانی کوردییدا ، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆژیی.

٢. ٢. ئاڤێستا کمال مەحموود (٢٠١٢) پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردییدا ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپەمەنییەکان.

٣. حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩) ، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان ، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٤. شاخەوان جەلال فەرج (٢٠١١)، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتوور، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان،

زانکۆی سلێمانیی.
٥. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩)، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.
٦. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆژیی.
٧. کۆرشی سەفەوی (٢٠٠٦(ساڵی وەرگێران)) ، چەند لایەنێکی واتاسازی ، چاپی یەکەم ، وەرگێرانی لە فارسییەوە: دلێر سادق کانەبی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٨. گۆنا عومەر عەبدوڵا (٢٠١٣), دروستەی زانیاریی لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.
٩. محەمەد مەعروف فەتاح، کۆکردنەوەوئامادەکردنەوەی: شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٠. محەمەدی مەحویی (٢٠٠١) ، ڕستەسازی کوردیی ، زانکۆی سلێمانیی.
١١. محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی ، چاپخانەی شارەوانیی سلێمانیی.
١٢. محەمەدی مەحویی(٢٠٠٦)، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەرۆك_وابەستە، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانیی.
١٣. محەمەدی مەحویی(٢٠٠٩)، زانستی هێما،واتاو واتالێکدانەوە. بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانیی.

**٢- گۆڤار :**

١٤. بەکر عومەر عەلیی و عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، سنووری کێڵگەی واتایی لە وشەی بێگانەو ڕەنگدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانیی، ژمارە (٣٤) B ٢٠١١.
١٥. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر، کاریگەریی فەرهەنگ لە بنیاتی دروستە سینتاکسییەکاندا، گۆڤاری ستاذ، ژمارە (١٨٦)، ٢٠١١ .
١٦. کاروان عومەر قادر, سیستەمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانیی، ژمارە (٣٤) B ٢٠١٢.
١٧. فاروق عومەر سدیق، ڕەگ و ڕیشەی مۆرفێمی (خۆ)و ئەرکی لە زماندا, گۆڤاری زانکۆی سلێمانیی، ژمارە (٣٨) B ٢٠١٣.

**٢- بە زمانی فارسیی:**

١٨. ابراهیم چنگیی (٢٠٠٥)، فرهنگ توصیفی اموزش زبان و زبان شناسی کاربردی، انتشارات رهنما، تهران.

**٣- بە زمانی ئینگلیزیی :**

19. Aitchison, J. (2005) LIGUISTICS, UK, London.
20. Aarts, B. (2001) English Syntax and Argumentation 2nd ed. Palgrave.
21. Chomsky, N. (1986a) Knowledge of language: ite nature, origin, and use, New York, prager.
22. Chomsky, N. (1993) Lectures on government and binding, the pisa lecture, 4th ed, Foris: Holland.
23. Cook, V.J & Newson, M.L. (1997) Chomsky's Universal Grammar 2nd, black well: Oxford.
24. Crystal, D. (1991) A Dictionary of linguistics and phonetics 3rd ed, black well: Oxford.
25. Jeffries, L. (2006), Discovering Language (the structure of modern English), palgrare Macmillan, British.
26. O,Gardy, W. (2005) SYNTACTIC CARPENRY, Mahwah, New Jersey.
27. Palmer, F. R. (1976), Semantics; A new outline, Cambridge University, Cambridge.
28. Radford, A . (2004) Minimalist Syntax, Cambridge University, Cambridge.
29. Steinberg, D. (1999), Psycholinguistics Language, Minct and World, London & New York.
30. Widdowson, H. (2004), Text, Context, Pretext, Blackwell Publisher.